Språksterk

**بۆ گشت دایکوباوکان**

«زمانی بەهێز Språksterk 6-1» پرۆژەیەکی تۆژینەوەیەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی ئۆسلۆیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنەتی کارکردنی ئەو باخچەی ساوایانەی لە ناوچە فرەزمانەکاندا هەن، دەکەن، تا بتوانن هاوکاری منداڵانی پێش فێرگە بکەن لە بواری «گەشەی زمان»دا.
پشتیوانی دارایی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجوومەنی تۆژینەوەی نەرویژ Norges Forskningsråd و شارەوانی ئۆسلۆ دابین دەکرێت.
ئێمە پەیوەندیتان لەگەڵ دەگرین و پرسیارتان لێ دەکەین دەربارەی ڕەزامەندییتان بۆ بەشدار بوون لەم پرۆژەیە.
لە لاپەڕەکانی دیکەدا زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم لێکۆڵینەوە هاتووە.ئێمە دەزانین کە لەم نامەیەدا زانیاری زۆر هەیە و زۆر جار وەها باشترە ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆژەران قسە بکرێت. بۆیە ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەبێت تکایە پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن.
گشت ئەو دایکوباوکانەی ڕەزامەندی بەشداری منداڵەکانیان دەدەن، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاگادار دەکرێنەوە.
بەهۆی کۆڤید 19 (کۆرۆنا) لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەر خشتەکانی کاتی ئەم پرۆژەیەدا بێت. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات زانیارتیان پێ دەدرێت.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو

ڤەشلەمۆی ڕیدلاند
پرۆفیسۆر/بەڕێوەبەری پرۆژە
ئەنیستیتۆی پێداگۆگی لە زانکۆی ئۆسلۆ
veslemoy.rydland@iped.uio.no
تەلەفۆنی پرۆژە: 873 03 465

ڕەتیب لێکال
پرۆفیسۆری یاریدەر/ بەڕێوەبەری پرۆژە
ئەنیستیتۆی پێداگۆگی لە زانکۆی ئۆسلۆ
ratib.lekhal@iped.uio.no

## دەتهەوێت لە پڕۆژەی تۆژینەوەی «زمانی بەهێز 1 - 6 (Språksterk)» بەشداری بکەیت؟

### ئامانج

تۆژەرانی بەشی پێداگۆگی و Naturfagsenteret لە زانکۆی ئۆسلۆ دەیانهەوێت لە ڕێگەی پرۆژەی «زمانی بەهێز Språksterk 6-1» زیاتر سەبارەت بەمە بزانن کە کارمەندانی باخچەی ساوایان و دایک و باوک چۆن دەتوانن پشتگیری لە منداڵ بەمەبەستی فێربوونی زمانی بکەن. پرۆژەکە بەهاوئاهەنگیلەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باخچەی ساوایان لە پێنج ناوچەی شار و خزمەتگوزاری پێداگۆگییی (پێداگۆگی) – دەروونی لە ئۆسلۆ ئامادە کراوە.

ئێمە بە دیاریکراوی دەمانهەوێت بزانین کە کارمەندانی باخچەی ساوایان پێداویستیان بە چ جۆرە پاڵپشتییەک بە مەبەستی فێرکردنی زمان هەیە، ئەوان چۆن دەتوانن لەگەڵ دایکوباوکاندا هاوکاری بکەن بە جۆرێک کە پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی منداڵ دابین بکەن.

ئێمە لە پرۆژەکەدا زانیاری دەربارەی کارمەندانی باخچەی ساوایان و منداڵانی ئەو باخچانە وەردەگرین. ئەم زانیاریانەی وەریان دەگرین، لە پرۆژەکەدا بەکاریان دەهێنین تا بتوانین مۆدێلێکی ئامادە و بەسوود لە پرۆژەکەی «زمانی بەهێز» بەدەست بخەین و بیخەینە خزمەتی باخچەکانی ساوایان. ئەم پرۆژەیە لەو ناوچە و شارەوانیانەدا کارا دەبێت لە بەشدارن لەگەڵمدان (بەشەکانی پێداگۆگی – دەروونناسی).

هەر بۆیە پرۆژەکە بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بووە:

لە قۆناغی یەکەمدا بە شێوەیەکی ڕەمەکی ئەو باخچە ساوایانەی کە بەشداری لە پرۆژەکەدادەکەن بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەکرێن: گرووپی A وە گرووپی B. ئەو گرووپانە لە ماوەی دوو ساڵدا لە پاییزی ٢٠٢١ تا بەهاری ٢٠٢٣ دوو شێوازی جیاواز بۆ پشتگیری لە کارمەندانی باخچەی ساوایان تاقی دەکەنەوە.

گرووپی A: کارمەندانی ئەو باخچە ساوایانە بەشداری چەندین خولی جیاواز دەبن و لە کاتی کارکردن لەگەڵ منداڵان لە باخچەی ساوایان چاودێری دەکرێن. کارمەندەکان بەپێی ئەنجامی ئەو چاودێریانە لە لایەن خزمەتگوزاری پیداگۆگی – دەروونناسی تێبینیان پێ دەدرێت کە باخچەی ساوایان لە کام بواردا بە باشی کار دەکات و لەم کام بواریشدا دەبێ تەرکیز/سێرە لەسەر ڕاهێزان/بەهێزکردن بکات.

گرووپی B: کارمەندانی ئەم باخچە ساوایانە هەمان ئەو کارە دەکەن کە گرووپی A دەیکات و باسی لێوەکرا. جگە لەوەش کارمەندەکان چەند چالاکیەک وەک یاری کردن و گفتوگۆ لەسەر کتێب لەگەڵ منداڵاندا تاقی دەکەنەوە، ئەمەش بە پشتگیری لە لایەن خزمەتگووزاری پێداگۆگی – دەروونناسی و Naturfagsenteret ئەنجام دەدرێت. هەندێک لەم چالاکیانە هەروەها بە هاوکاری دایک و باوک لە ماڵەوە تاقی دەکرێنەوە.

لە قۆناغی دووەمدا هەموو باخچەکانی ساوایان لە گرووپی A و گرووپی B پێشنیازیان پێ دەکرێت کە بەپێی شێوازێکی تەواوتر کە ئامانج لێی پشتیوانی کردنی کارمەندان و هاوکاری لەگەڵ دایکوباوکانە، کار بکەن. ئێمە بۆ ماوەی ساڵێک لە پایزی ٢٠٢٣ تا بەهاری ٢٠٢٤ بە وردی چاودێری ئەم قۆناغە دەکەین.

کارمەندانی باخچەی ساوایان دەتوانن ئاگادارتان بکەنەوە٣ کە لە کامە گرووپدان.

### کێ بەرپرسیاری پرۆژەی تۆژینەوەیە؟

ئەنستیتوی پێداگۆگی لە زانکۆی ئۆسلۆ بەرپرسیاری ئەم پرۆژەیە. پرۆفیسۆر ڤەشلەمۆی ڕیدلاند وە یاریدەری پرۆفیسۆر ڕاتیب لێکال بەڕێوەبەری پرۆژەکەن.

## بۆچی پرسیاری بەشداربوونت لێ دەکرێت؟

لەم پرۆژەیەدا نێزیکەی 900 منداڵ لە 60 باخچەی ساوایان لە پێنج ناوچەی جیاواز لە ئۆسلۆدا بەشدارن. ئەو باخچە ساوایانەی کە منداڵەکەی لێیە، ڕەزامەندی بەشداربوونی لەم پرۆژەیەدا دەربڕیووە بۆیە ئێمەیش ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئێوە دەکەین. هۆکاری ئەم پرسینەیش ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی ساڵی پار بەشداربوون لە پرۆژەکەدا، ئێستە لەوێ نەماون یان لە بەشی دیکەن، هەر بۆیە خواستیارین کە منداڵانی دیکەبۆ ئەم پرۆژەیە وەربگرین (لە پایزی 2022 – تا بەهاری 2024).

## بەشداری کردنت چی لێ دەکەوێتەوە؟

ئێمە داوای ڕاپۆرتی مانگانە لە ڕێبەرانی پیداگۆگ دەکەین دەربارەی چالاکی هەمەجۆر لەسەر منداڵانی بەشداربوو لە ماوەی پرۆژەکەدا لە پایزی 2022 تا بەهاری 2024.
هاوکات سەردانی منداڵەکە دەکەین لە باخچە و لە بەشەکەی خۆی لە دوو کاتی جیاوازدا (بەهاری 2023 و بەهاری 2024). دیاری کردنی سەردانەکانیش بەستراوە بە بوونی منداڵەکەت لە باخچەی ساوایان لەو کاتانەدا.

مەبەست لە سەردانمان بۆ باخچەی ساوایان ئەمەیە،

1. چاودێری منداڵ دەکەین لە باری جیاوازدا لەگەڵ منداڵانی دیکە و گەورەکان لە بەشەکەی خۆیدا، بحۆ نمونە کەی منداڵ یاری دەکات.
2. دوو جار دەنگ تۆمار دەکەین (هەر جارەی 5 تا 10 خولەک) لە کاتێکدا گەورەیەک لەگەڵ منداڵەکەت/منداڵەکەتاندا یاری دەکەن یان کتێب دەخوێننەوە لە گرووپدا.

## بەشداریکردن بە دڵخوازە

بەشداری کردن لەم پرۆژەیەدا دڵخوازانەیە. گەر بریاری بەشداریکردن بدەیت دەتوانیت هەرکاتێک کە بتهەوێت بەبێ ئەوەی کە پێویست بێت هیچ هۆکارێک بهێنیتەوە، ڕەزامەندییەکەت بکێشیتەوە. لەم بارەیشدا گشت زانیارەکانی سەبارەت بە ئێوە دەسڕینەوە. هیچ ئاکامێکی خراپیشی بۆتان نابێت ئەگەر بێتوو بەشداری نەکەیت یان دواتر خۆت لە پرۆژەکە دەربێنیت. هەر بۆ نمونە هیچ کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیت لەگەڵ باخچەی ساوایاندا نابێت لە کاتی کشانەوەت لە پرۆژەکە و بەشدارنەبوونت.

## پاراستنی زانیارەکانت – چۆن زانیارەکانی تۆ هەڵ دەگیرێن و کەڵکیان لێ وەردەگرین

ئێمە تەنیا بۆ ئەم مەبەستەی کە لێرەدا باسمان کردوون کەڵک لە زانیارەکانی تۆ و منداڵەکەت وەردەگرین. ئێمە بە شێوەیەکی نهێنیپارێز و بەپێی ڕێساکانی پاراستنی زانیاری کەسەکی، کەڵک لە زانیارەکان وەردەگرین.
ئەمەیش بەو واتایە دێت کە ئێمە مەرجی تووندمان سەبارەت بە پاشەکەوت کردنی ئەو زانیاریانە هەیە کە کۆیان دەکەینەوە. تەنیا ئەو کەسانەی لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆژەکەدا کار دەکەن ئەم زانیاریانە دەبینن وە ناوی منداڵەکەت لەگەڵ زانیارەکان پاشەکەوت ناکرێت. بەهیچ شیوەیەک دەرفەتی ناسینەوەی ناوی منداڵ یان باخچەی ساوایان نادرێت کاتێک زانیاری لەسەر ئەم پرۆژەیە وەک فایلی داتا هاوبەش دەکرێت (بۆ نمونە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکاندا) یا لە شێوەی نووسراو بە مەبەستی فێرکاری کەڵکی لێ وەر بگیرێت. هەروەها دەرفەتی ناسینەوەی منداڵ یا باخچەی ساوایان نابێت کاتێک ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک گوتاری زانستی پێشکێش دەکرێن، یان لە نووسینی ماستەر و دۆکتۆرادا کەڵکیان لێ وەر بگیرێت. مەبەستی سەرەکی لە شیکردنەوەکان و ئەنجامەکان ئەوەیە کە بزانرێت گەشەسەندنی منداڵ بەپێی کات بە چ شێوەیەک گرێدراوە بە چۆنیەتی پەیوەندی و کارلێکردنی گەورەساڵان لەگەڵ منداڵاندا.

بەرپرسی ئەو زانیاریانەی کە کۆ دەکرێنە ئەنیستیتۆی پێداگۆگییە لە زانکۆی ئۆسلۆ. بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە هیچ کەسێکی دیکە دەستی بەسەر زانیارەکانی تۆ و منداڵەکەت ڕا ناگات، ئەو زانیاریانە لە سێرڤەرێکی جێگەی متمانە پاشەکەوت دەکرێن و لە لایەن سیستەمی پاراستنی زانکۆی ئۆسلۆ (UiO) دەپارێزرێن. سیستەمی پاراستنی زانیاری لەلایەن EngageLab و خزمەتگووزاری زانیاری هەستیار (TSD) بۆ زانکۆی ئۆسلۆ (UiO) دابین دەکرێت.

## کاتێک کە پرۆژەکە کۆتایی پێهات زانیارەکانی سەر تۆ چیان بەسەر دێت؟

کاتێک کە پرۆژەکە کۆتایی پێهات زانیارەکان بێناو دەکرێن، ئەمەش بە پێی پلان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٧ دا ئەنجام دەدرێت. ئەو کات ئەو زانیاریانەی کە دەتوانرێ بە زانیاری دیکەوە گرێ بدرێن لەناو دەبرێن و دەسڕێنەوە. فیلم و تۆماری دەنگیش دەسڕینەوە. لەوانەیە تۆژینەوەی دیکە لە قوتابخانەدا وەک درێژەدەری ئەم تۆژینەوەیە ئەنجام بدرێت. لەم بارەدا بەر لەوەی پرۆژەکە کۆتایی پێ بێت سەر لەنوێ داوای ڕەزامەندیت لێ دەکەین.

## مافەکانی تۆ

تا ئەو کاتەی منداڵەکەت یا خۆت لەم زانیاریانەدا بناسرێنەوە، ئەم مافانەی ژێرەوەت هەیە:

- مافی دیتنی ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە تۆ و منداڵەکەت تۆمار کراون و مافی وەرگرتنی کۆپیەکی ئەم زانیاریانەت هەیە،
- ڕاستکردنەوەی هەڵە لە زانیارەکانی سەر خۆت و منداڵەکەت،
- سڕینەوەی زانیارەکانی سەر خۆت و منداڵەکەت، وە
- ناردنی سکاڵا بۆ دەزگەی چاودێری زانیاری (Datatilsynet) لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ زانیارەکانی سەر خۆت و منداڵەکەت.

## ئێمە لەسەر چ بنامەیەک مافی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارەکانی تۆمان هەیە؟

ئێمە لەسەر بنەمای ڕەزامەندی تۆ مامەڵە لەگەڵ زانیارەکانی تایەبت بە تۆ دەکەین.

ناوەندی نەرویجی بۆ داتای تۆژینەوە AS (NSD) لەلایەن ئەنیستیتۆی پێداگۆگی لە زانکۆی ئۆسلۆ (UiO) ڕاسپێردراوە کە هەڵسەنگاندن سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ زانیارەکان لەم پرۆژەیەدا بکات و بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەم مامەڵەکردنە بە پێی ڕێساکانی پاراستنی زانیاری کەسەکی ئەنجام دەدرێت.

## لە کوێ دەتوانم زانیاری زیاتر بەدەست بهێنم؟

ئەگەر سەبارەت بەم پرۆژەیە پرسیارێکت هەبێت، یا بتهەوێت کەڵک لە مافەکانت وەربگریت، پەیوەندی بەمانەی خوارەوە بکە:

- ڤەشلەمۆی ڕیدلاند (veslemoy.rydland@iped.uio.no) یا ڕاتیب لێکال (ratib.lekhal@iped.uio.no) لە ئەنیستیتۆی پێداگۆگی لە زانکۆی ئۆسلۆ (UiO)
- بەرپرسیاری پاراستنی زانیاری کەسی ئێمە: ڕۆگێر مارکگراف – بیە (personvernombud@uio.no)

ئەگەر پرسیارێکت سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی پرۆژەکە لەلایەن NSD هەبێت دەتوانیت پەیوەندی بگریت لەگەڵ:

- ناوەندی نەرویجی بۆ داتای تۆژینەوە AS (NSD) لە ڕێگەی ئیمەیلی (personverntjenester@nsd.no) یان ژمارە تەلەفۆنی 17 21 58 55.

## دەربڕینی ڕەزامەندی

من زانیاریم سەبارەت بە پڕۆژەی «زمانی بەهێز ١-٦ (Språksterk)» بەدەست گەیشتووەو لێی تێگەیشتووم و بواری پرسیارکردنیشم بۆ ڕەخسێنراوە.

☐ من ڕەزامەندی دەردەبڕم کە بەشداری لە پڕۆژەی «زمانی بەهێز ١-٦»دا بکەم. لەم پڕۆژەیەشدا ڕەزامەندم کە منداڵەکەم لە باخچەی ساوایان چاودێری بکرێت و فیلمی لێ بگرێت لە گرووپی بچووکدا، وە هەروەها ڕەزامەندم کە ئەو زانیاریانەی لەسەر من و منداڵەکەم کۆدەکرێتەوە تا کۆتایی پڕۆژەکە کەڵکی لێ وەربگیرێت.

☐ هەروەها ڕەزامەندی دەردەبڕم کە ڕێبەرانی پێداگۆگ لە باخچەی منداڵان ڕاپۆرتی مانگانە بدەن لە سەر بەشداری منداڵەکەم لە پاییزی 2022 تا بەهاری 2024. من ڕەزامەندی دەرئەبڕم کە ئەم زانیاریانە تا کۆتایی پڕۆژەکە کەڵکی لێ وەربگیررێت.

--------------------------------------------------------------------------------
(لە لایەن بەشداربووی پڕۆژەکە ئیمزا کراوە، ڕێکەوت/بەروار)

ناوی منداڵەکەت بە پیتی گەورە: ____________________

ناوی باخچەی ساوایان بە پیتی گەورە: ____________________

ناوی دایکوباوک بە پیتی گەورە: ____________________

بەرواری لەدایکبوونی دایکوباوک: ____________________

ژمارە تەلەفۆنی دایکوباوک: ____________________

ئیمەیلی دایکوباوک: ____________________

ناوی منداڵ بە پیتی گەورە: ____________________

بەرواری لەدایکبوونی منداڵ: ____________________

زایەندی منداڵ: کوڕ ___________ کچ ___________

ئایا بنەماڵەکەتان لە ماڵەوە جگە لە زمانی نەرویژی لە «زمانی دایک» کەڵک وەردەگرن؟

بەڵێ ______ نەخێر ______

ئەگەر وەڵامەکە «بەڵێ» یە، ناوی زمانەکە بنووسن: _________________________

ئەم فۆرمە بە کاخەز دەدرێتەوە بە باخچەی ساوایان.